بۆ..

" ڕەووف بێگەرد "

بەردەوام .. تەڕ بەگۆرانی و

پڕ لە سەماو تازە بوونەوە



# ژیان..
# کەپڕە لە خواحافیزی

سابیر صدیق

ئیتر

بەسادەیی خۆمەوە

دوورو نزیک

بەر لەوەی پایز بێتەوە

نیوەشەوێک

دنیا مژە

لای ڕاستی..

ڕیزە چنارێکی بە ساڵاچووەوە دێمەوە

کە تەمەنیان

بۆ منێکی پەرشو بڵاو

منێکی ماڵ لە خەرابات

**منێکی دڵ لە دەروێشان**

**منێکی خەیاڵ پڵاو**

**وا سانا..**

**مەزەندە ناکرێ**

**هەریەکەیان**

**نهێنی خۆی هەیە بۆ ناسینەوە**

**سەربووردەی خۆی هەیە  بۆ گێڕانەوە**

**هەر یەکەیان..**

**هیلاکبوون و**

**سکاڵاو**

**خەمی تایبەتی خۆی هەیە**

**هەر یەکەیان..**

**پەیوەندییەکی کۆنی هەیە لەگەڵ زەوی و**

**ڕووانینێکی قوڵی هەیە بۆ ئاسمان**

**هەریەکەیان.**

** ** **

**ئیتر..**

**بەرلەوەی پایز بە پرتاو بێتەوە**

**نیوە شەوێک**

**دنیا مژە**

**لای چەپی ئەو جۆگەلانەوە دێمەوە**

**کەس سەرچاوەیان نازانێ و**

**هەریەکەیان..**

**ناوێکیان هەیە بۆ خۆیان**

**هەر یەکەیان**

**تەفسیری خۆیان هەیە بۆ مەرگ و**

**قانوونی خۆیان هەیە بۆ ژیان**

**تا ئەو پەڕی دنیا دەڕۆن**

**دەڕۆن و**

**گۆرانی دەڵێن و ئاوڕ نادەنەوە**

**دەڕۆن و**

**دڵیان خۆشەو**

**هەرگیز ناگەڕێنەوە**

**بەڵام..**

**منی شەڵاڵ**

**لە عارەقەی ژووان و**

**منی تەڕ**

**لە بەیەکگەیشتنی فریشتانە**

منی پڕ

بەلەیەکدابڕانی پایزی

منی تەژی

لەخورپەی بەهاری

لە کسپەی خوداحافیزی

منی سادە

سادەتر

لە دالْغە لێدانی پەپوولە

لە بیر کردنەوەی خالْخالْۆکە

لەهەر کوێیەکەوە بێت دێمەوە

لە هەر

کوێیەکەوە بێت..

لەوێوە

(( کە خەرامان

بەبەر چایخانەکەی ڕەحیما تێدەپەڕی و

چاکان تامی ڕێواسیان دەدا

چایخانەکە

پڕ دەبوو لە بۆنی لیمۆ ))

هەر هیچ نەبێ

**لەوێوە..**

**لەوێوە دێمەوە سەرۆک**

**کە ڕۆژێ لە ڕۆژان**

**لەوێدا**

**سەد کەڕەت دڵتان شکاندووم**

**ڕۆژێ لە ڕۆژان لە وێدا**

**بۆ یاری**

**ڕێگاکانتان لێوندەکردم**

**بۆ خۆشی**

**کلیلەکانتان لێدەشاردمەوە**

**چەند سەیر بوو**

**لەوێوە**

**بەیانیان دەچووین بۆ بەرەکانی شەڕ**

**چەند خۆشبوو**

**ئێواران**

**هەر لەوێوە**

**دەگەڕاینەوە سەر مێزی دانووسان و**

**بە پێکێک ئاش دەبووینەوە**

**چەند خۆشبوو**

**هەر هیچ نەبێ**

**لە وێوە..**

**دێمەوە..**

** ** **

**ئیتر من**

**منێکی بێنوور**

**منێکی دڵ لە چەند هەوار**

**ماڵ لە شەوی دەیجوور**

**ئیتر من**

**منێک**

**کە لە کۆترێکی کەڕو لاڵ دەچووم**

**لە گەڵ هەستکردن بەڕاڕایی و**

**بە گوناح و**

**لە گەڵ غوبارێکی ووشکدا**

**لە پەنجەرەکانی پایزەوە هەڵهاتم**

**بەڵام ئێستا**

**ئەمێستا من**

**کەڕەنگی سەفەرو**

**کەتامی سەراب و**

**کەبۆنی گیای براوم گرتووە**

**بەر لەوەی پایز بێتەوە**

**لە دەرەی بەهارەوە دێمەوە**

**دواجار**

**قسەیەک هەیە**

**لەسەفەرا فێری بووم**

**کەلەقسەی " مەولانا " ناچێ**

**بە خەیاڵی هیچەوە**

**گمەیەک هەیە**

**لەسەرابا فێری بووم**

**تەنانەت..**

**لە گمەی شیعری " نالی " ناچێ**

**بە چۆرێ میهرەبانی و**

**بە تۆسقاڵێک غوربەتەوە**

**دواجار**

**بەوێدا**

**بەلای ڕیزە چنارێکی بە سالاچودا**

**کە ڕۆژێ لە ڕۆژان**

لەوێدا

ئێوە بەڕاستی غەدرتان لێدەکردم

من بە درۆوە

لە دڵی خۆمدا دەتۆرام

بە ئاشکرا

سەد  کەڕەت دڵتان دەشکاندم

من بە دزییەوە

لە دڵی خۆمدا دەگریام

دوا جار بەوێدا

بەو ڕێیانەدا دێمەوە

کەس ڕچەڵەکیان ناناسێ

دەمگەیەننەوە باخ و

دەمدەنەوە بەر هەتاو

بەو توولە ڕێیەدا دێمەوە سەرۆک

بیرتە

کەهەر خۆم و

کۆڵە پشتێک مەراق و

چەند چرکەیەکی هەڵبژاردەو

میتۆدێکی ئاغرانەی پێوەدەچووین

بەوێدا

بەو لا ڕێیەدا

کەهەر خۆم و

جەڕەیەک شەراب و

چەند دانە هەنار و

حۆرییەکانمی پێوەدەچووین

بەوێدا

بەو نشێوە ڕێیەدا دێمەوە

کەهەر خۆم و

لایتێکی قەڵەمی و

گۆرانیەک بە کزی و

بەختێکی ڕەشتاڵەی پێوە دەچووین

لەوێدا..

لەسەر ڕیتمی فیکەکێشانێکی بێهودە

دواجار

سەمایەک هەیە دەیکەم

کە ئاخرین سەمای عومرە

بە دنیایەک غەریبییەوە

**دوا جار سەرۆک**

**قسەیەک هەیە دەیڵێم**

**کە ئاخرین**

**قسەی عەشقە**

**بە دنیایەک**

**مەحزونییەوە**

---

**بەهاری یۆتۆبۆری**

**2005**